# دەقی ڕێککەوتنەکەی یەکێتی و پارتی لەڕووی سیاسی و یاساییەوە

دیارغریب

دوای ماوەیەکی درێژ یەکێتی و پارتی وەڵامی بانگەوازی جەماوەر و ڕۆشنبیرانیان دایەوەو جارێ یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەکەیان دا، گومانی تێدا نییە کە لەم قۆناخەدا ئەم یەکگرتنەوەی ئیدارەیەقازانجی زیاترە لەزیان و لەوانەیە بتوانێت تاڕادەیەك کاریگەری بۆ سەر نەیارەکانمان هەبێت، بەڵام ئەوەی دیارە لەناو جەماوەر و ڕۆشنبیراندا بەگومانەوە سەیری ئەم ڕێکەوتنە دەکرێت و بۆ ئایندەیەکی دوور هیوای باشی لێ ناکەن، لەوە زیاتر بەشێکی ڕۆشنبیران وای بۆ دەچن کە چارەنووسی ئەم حکومەتەش وەکو چارەنووسی حکومەتەکەی ساڵی 92 بێت. بۆ ئەمەش گەلێك هۆکار دەستنیشان دەکەن. هەر بۆیە بەپێویستی دەبینم کە لەدەقی ڕێککەوتنەکەوە ئەم یەککگرتنەوەیە هەڵبسەنگێنم و ئەو کاتە بڕیاری لەسەر بدەم.

یەکەم: لەپێشەکی ڕێککەوتنەکەدا هاتووە کە پارتی و یەکێتی بەپێی بنەماکانی شەراکەت، تەوافق، تەحکیم و هاوسەنگی ڕێککەوتن. ئاشکرایە کە باسی شەراکەت دەکرێت واتە پێشتر بڕیار لەسەر بەشکردنی دەسکەوتێك دراوە ئەمەش لەدابەشکردنی پۆستەکاندا دیارە، لێرەدا گەڕانەوە بۆ ڕای جەماوەر نییە، ئەوەی بڕیار لەسەر دیاریکردنی نوێنەرانی جەماوەر دەدات پارتی و یەکێتییە نەك جەماوەر، ئەمەش بۆخۆی دوورە لەبنەماکانی دیموکراتییەوە و لەهەرکاتێکدا لایەکیان ئەم شەراکەتە ڕەتبکاتەوە ئەوا ئەنجامی وەکو ساڵی 1994 چاوەڕوانمان دەکات. هەروەها باس لەتەبایی دەکرێت، ئەمەشیان لەپرەنسیپی دیموکراتییەوە دوورە، چونکە ئەم مەبدەئە دوورە لەهێزی لێپرسینەوەی یاساییەوە، ئەوەی هێزەکان بەیەکەوە دەبەستێتەوە بنەمای یاسایی نین بەڵکو هاوسەنگی هێزە و لەم حاڵەتەشدا بنەمای لێپرسینەوەو لێپێچینەوە لەناو دەچێت و لەکاتێکیشدا لایەنێکیان هەست بکات لەو (تەوافق)ەدا زیانی بەر دەکەوێت ئەوا هەڵگیرسانی شەڕ و بەکارهێنانی هێز دوور نییە. هەر لێرەدا باس لە بنەمای تەحکیم و هاوسەنگی کراوە، ئەوەی ئێمە ئاگادارین لەژوورە داخراوەکاندا ڕێککەوتن بوو، پەرلەمانی کوردستان تەنها (بەڵێ)ی کرد، ئیتر نازانم ئەم تەحکیمە چۆنەو لەسەر  چی بنەمایەکەو کێ دەتوانێت سبەی بڕیار بدات کە لایەنێك بنەماکانی ڕێکەوتنی پێکنەهێناوە، یان ئەگەر باسیش کرا کێ گوێی لێ دەگرێت. گومانی تێدا نییە ئەوەی لێرەدا دیارە یەکێتی و پارتی خۆیان لایەنن و خۆشیان چاودێر و ناوبژیوانن، جا ئێستا هەردوو ڕێککەوتوون کە گۆڵ لەجەماوەر بکەن، خۆ خوانەخواستە سبەی ناکۆکی دروستبوو ئەو کاتە دیار نییە چی دەکەن. هاوسەنگیش بۆ هێزی سیاسی کە ڕکابەری یەکبن پێوانەیەکی دیموکراتی نییە و ئەوە دەگەیەنێت کە ئەو هێزانە دەستا و دەستکردنی دەسەڵات پەسند ناکەن و ئەمەش ئەنجامی باشی لێ ناکەوێتەوە.

دووەم: خاڵی یەکەم و دووەمی ڕێککەوتنەکە ناکۆکە لەگەڵ یاساکانی پەرلەمانی کوردستاندا کە هەر خۆیان دایانڕشتووە، لەیاسای سەرۆکایەتی هەرێمدا، سەرۆك جێگری نییە، کەچی لێرە سەرۆك جێگری هەیە، هەروەها لەیاسای سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیراندا تەنها سەرۆك وەزیران پەرلەمان دیاری دەکات، کەچی لەم ڕێککەوتنەدا پێویستە پەرلەمان سەرۆك و جێگری سەرۆك وەزیران دیاری بکات. هەڵبەتە ئەمە دوو لایەنی هەیە، یەکەم پێشێلکارییەکی یاساییە، دووەم دیسان بەکردەوە پارتی و یەکێتی ئەوەیان سەلماند کە بڕیاری هەردوو مەکتەبی سیاسی لەسەروو پەرلەمان و ئیرادەی جەماوەرەوەیە و پێویستە پەرلەمان یاساکانی خۆی بەگوێرەی بڕیارەکانی ئەو دوو سەرکردایەتییە بگونجێنێ.

سێیەم: لەخاڵی سێیەمدا پارتی و یەکێتی لەسەر ئەوە ڕێککەوتوون کە لەهەڵبژاردنی ئایندەشدا هەمان سیناریۆ دووبارە بکەنەوە بەیەك لیست بەشداری هەڵبژاردنی هەرێم بکەن، بێگومان ئەمە دوو لایەنی هەیە، یەکەم: دوای چارەسەری کێشەی کەرکوکیش ئەم دوو هێزە ناخوازن بگەڕێنەوە بۆ ڕای جەماوەر و سەنگی خۆیان بزانن، دووەم بەگوێرەی ڕێککەوتنەکەیان ئەوان هەتا هەتا

**هێزە حوکمی کوردستان دەکەن و بەشیشیان وەك یەك دەبێت و کەسیان لەوەی تر زیاتر نابن. تەنها ئەوەیە جێگەی پۆست دەگۆڕنەوە.**

**چوارەم: لەخاڵی نۆیەمدا باس لەوە دەکرێت کە لەهەر پارێزگایەك لیژنەیەکی هاوبەش لەیەکێتی و پارتی بۆ چارەسەری گرفت و کێشەکان دادەمەزرێت، ئەمە بۆخۆی جارێکیتر نیشان دەدات کە ئەم دوو هێزە ئامادە نین بەشێوەیەکی یاسایی و لەڕێگەی یاساوە گرفت و کێشەکان یەکلابکەنەوە، بەڵکو بەو شێوازەی کە ئەوان دیاری دەکەن.**

**لەم چەند تێبینییەوە دەگەینە ئەوەی کە ئەم ڕێککەوتنە هەم لایەنی سیاسی هەم لایەنی یاسایی زۆر لاوازە و هەر کاتێك هاوسەنگی، شەراکەت نەما ئەوا ئەم ڕێککەوتنە نەك تەنها لەبار دەچێت بەڵکو کارەسات لەگەڵ خۆیدا دێنێت، هەروەها ئەم ڕێککەوتنە ئەوە دەستنیشان دەکات کە هەتا یەکێتی و پارتی خاوەنی دەسەڵات بن دام و دەزگای هەرێم دروست نابێت و دام و دەزگاکانمان حزبی دەبن و ئەمەش پەڵەیەکی ناشیرن دەبێت بە ئەزموونی کوردستانەوە.**

**ك.ك**